# دیدارێکی خەیاڵی لەگەڵ (ئەمانوێل کانت)دا

و/ ئەکبەر حەسەن

نووسەری فەڕەنسی، بێرنارد ئیدالمان، بەخەیاڵ دیدارێک لەگەڵ فەیلەسوفی ئەڵمانی ئەمانوێل کانت ساز دەکات، کە لە ٢ی نیسانی ١٧٢٤ لەشاری کوێنگسبێرگ لەدایکبووەو لە ٢ی شوباتی ساڵی ١٨٠٤ لەهەمان شار مردووە.

ئەمە دەقی وەرگێڕانی ئەم گفتوگۆ داهێنەرانەیە، کەفکری ئەم فەیلەسوفەمان پیشاندەدات، فەیلەسوفێک، کەهەتا دواچرکەی ژیانی پابەندبوو بەسیستەمێکی تۆکمەوەو هەرگیز دەستبەرداری نەبوو، هەموو بەیانییەک سەعات (٥) لەخەو هەڵدەسا، بەخزمەتکارەکەی دەوت هەرگیز ڕێگە نەدات لە سەعات پێنج تێبپەڕێت، تەنانەت ئەگەر یەک دەقیقەش بێت، کانت گرنگییەکی زۆری بەتەندروستی دەدا.. کەدکتۆرەکان باسی دەرمانی تازەیان دەکرد، بەباشی گوێی بۆ دەگرتن، هەموو بەیانییەک پیاسەی دەکرد، دەمی دادەخستو تەنیا بەلووت هەناسەی دەدا. سەرەڕای پارێزگاریکردنی لەتەندروستییەکەی، بەڵام حەزی نەدەکرد زۆر بژی، دەیوت تەمەندرێژی نایەڵێت گەنجان ژیانیان بەدەستبهێنن. کانت هەندێک لە هاوڕێکانی بانگدەکرد نانی نیوەڕۆی لەگەڵدا بخۆن. تەحەمولی ژاوەژاوی نەدەکرد، تەنانەت قوقاندنی کەڵەشێریش ئارامیی لێدەبڕی.

کانت ئیدارەی زیندانیخانەکەی دراوسێی ناچارکردبوو ڕێگەی گۆرانی وتن بەزیندانییەکان نەدەن، ئەگەرهاتوو پەنجەرەی زیندانەکانیان کراوەبوو، حەزی لەمۆسیقاو وێنەکێشان دەکرد، بەڵام سیاسەت لەهەموو شتێک زیاتر سەرنجی رادەکێشا، بەگرنگیدانێکی زۆرەوە چاودێری هەواڵی سیاسەتی بەریتانیای دەکرد، چونکە بەریتانیای بەباشترین نەتەوەی ئەوروپا دادەنا. دواین وشەکانی کانت ئەمانە بوون: "شتێکی باشە"، ئەمەی کاتێک وت: کەیەکێک لەقوتابییەکانی پێکێک شەرابی تێکەڵ بەشەکری پێدا...

ئەمەش وەرگێڕانی ئەم دیدارە خەیاڵییە داهێنەرانەیە..

(و.ع)



دواجار گەشتمە کوێنگسبێرگ، ڕۆژێکی مانگی سێپتەمبەر بوو، هەرگیز پایز ئەوەندەی ئەو ڕۆژە جوان نەبوو، هەموو ئەڵمانیا گەڵاڕێزان بوو،

هەندێک جار لەو دیمەنە قەشەنگانەدا شتێکی ئیتاڵی هەبوو، کەدڵم بۆیلێدەدا. خزمەتکارێکی پیری توندی وشک، کەتوندبوونی یەخەی کراسەکەی لەملی سەری پێبەرزکردبووەوە، بردمییە ناو دالانەکەوە، لەدڵی خۆمدا وتم: بەمشێوەیە، پاش ماوەیەکی درێژ فەیلەسوفە مەزنەکە لەبەردەمی خۆمدا دەبینم.. گوێم لەچەندین بیرۆکەی جوان دەبێت.. ئەو فەیلەسوفەی کە ئاسمانی داگیرکردو ئەوەی ئەو کردی، هیچ کەسێکیتر نەیکرد، لەبەردەممدا قیت دەبێتەوە. بەشڵەژاوییەوە دەهاتمو دەچووم، ئارەزووی دانیشتنم نەبوو، شمشێرەکەم هێواش هێواش لە کاشی زەوییەکە دەخشا.

ماندوێتی سەفەرو فەرەنسای وێران، خەڵکی چەکدار، دەمو چاوی ترسناکی جوتیاران، ئەو قەڵایانەی لەسەر تەپۆڵکەکان دەسووتان.. هەموو ئەمانەم لەبیرچووبوو، چونکە من لەوێ بووم، لەپەرەستگاکەدا، کەمێژوو تیادا پاکدەبووەوەو فیکر دەگەیشتە بەرزترین لوتکە.. فەزاو زەمەن بەئارامی رێکدەخران، کاتێک خزمەتکارەکە ئاماژەی بۆ کردم بچمە نووسینگەکەی کانت، شمشێرەکەم توند بەخۆمەوە نووساند، وەک ئەوەی جەنگ ناچاربێت ملکەچی حیکمەت بێت، بەرەو رووی رۆیشتم، روومەتەکانم سوورهەڵگەرابوون، دڵم بەتوندی لێیدەدا، لەنزیکی دەرگاکەوە لەسەر قاچە خوارەکانی وەستابوو، قژە خوازراوە لادراوەکەی، سەری بۆ پێشەوە دەرچووبوو، لەوکاتەدا کە لەجەستە لەڕو لاوازەکەیو شانەکانی کە وادەردەکەوتن، بەرزترین لەهەر شتێکیتر رادەمام، زیاتر خۆشەویست بوو لام، بەگەرمی پێشوازی لێکردم، بەکامەرانییو میهرەبانییەوە قسەی دەکردو پرسیاری بارودۆخی گەشتەکەی لێکردم، ئەو وڵاتانەی پێیاندا رۆیشتم، ئەو کەسانەی چاوم پێیان کەوت، بەوپەڕی ئەدەبەوە گفتوگۆی لەگەڵ کردم، کەئەمە وایلێکردم بگەڕێمەوە بۆ بارودۆخی سروشتی خۆم.

کاتێک سەرنجیدا ئارام بوومەتەوە، هەواڵی فەرەنسای لێپرسیم، چونکە خۆشەویستییەکی تایبەتی بۆ فەرەنسییەکان هەبوو: "فەرەنسییەکان میهرەبانن، رۆح سوکن، رۆحانین، تەنانەت ئەگەر (بۆ وشەیەکی گونجاو دەگەڕا) جۆرێک لەڕووکەشی لەڕەفتاریاندا هەبێت.. وانییە؟ رووکەشییەک کە لە بەهای فکریان کەمدەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر چەندین خەسڵەتی جوامێرانەشیان هەبێت، هێشتا هەر خۆیان خۆشدەوێتو شانازی بەخۆیانەوە دەکەن. خەڵکانیتر بەیارییەک دەزانن‌و هیچیتر". بە دەستی ئاماژەی بۆ کەسێک کرد، کە بەتۆپێک یاری دەکرد، پاشان پێکەنی، من پێموت: "ئاە گەورەم.. قسەکانت زۆر میهرەبانانەن، دڵخۆشم کە گوێت لێدەگرم، بەڵام بەداخەوە ئەو زەمەنە رۆشت". پاشان باسی ئەو قۆناغە سەیرەم بۆ کرد، کە تیایدا دەژیاین: "پاشا راپەڕاندنی ئەرکەکانی لێقەدەغەکراوەو دەستبەسەرکراوە، شاعیرەکان لەنەگبەتیو نەهامەتیدا دەژین. بەهێزەکان حوکمە رەهاو ستەمکارەکانی خۆیان دەسەپێنن، پیلانەکان، تارماییەکان، رووناکی سەر پاریسی وێران، بەیانیانی بە خوێن سوورکراو، بەڵام کاتی خۆرئاوابوون رەشێکی تاریکە..". پێموت روانگەکان گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، بزووتنەوەکان جیاواز بوون، تەنانەت خودی وشەکان نکۆڵییان لە ماناکانی پێشتریان کردووە، وشەکانی وەک (میللەت، ئەقڵ، ئازادی، برایەتی) خزمەت بەبەرژەوەندی دیکەی جیاواز لەبەرژەوەندییەکانی سروشتییەکانی خۆیان دەکەن، بگرە رەوایەتی بەکاری وەها دەدەن، کە دژ بەسروشتی خۆیانن، پێموت: "تۆ کە ئاشنای میهرەبانی ڤۆڵتێرو عەدالەتی مۆنتیسکیۆو دڵفراوانی رۆسۆو دادپەروەری (المبیر) بوویت، بێگومان ئەبێت ئەم بارودۆخەی ئێستامان ئازارت بدات، من دڵنیام لەمە، ئایا لەهەموو ئەمانەدا نهێنییەک هەیە، کە بشێت چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە؟ هۆکاری ئەم تراژیدیایانە دەزانیت؟" چەند قسەم بکردایە، زیاتر سیمای گرژو مۆن دەبوو، پاشان هەستاو چەند هەنگاوێکی نا، بەچرپەوە وتی: "ئاە خودایە.. خودای من.. پاشا دەمرێت، پاشا دەکوژرێت". پەنجەرەکەی

کردەوە، کە دەتوانین لێیەوە باخچەیەکی بچووک ببینین، چەند جارێک بەقووڵیی هەناسەیدا، کاتێک سەرلەنوێ دانیشتەوە، رووخساری ئارام ببوەوە: "گوێم لێبوو باسی چەند شتێکی تۆقێنەرت دەکرد، کاتێک دەبینم سیستەمی پاشایاتی ئیهانە دەکرێت، یاسا پێشێل دەکرێتو گاڵتەی پێدەکرێت، پاشا لە نێوان زیندانیکەرەکانیدایە، دەمووت مرۆڤایەتی هەمیشە نامۆیە بەخۆی، دڵڕەقە، بەربەرییە! کاتێک کەمێک ئازادی دەدەین بە مرۆڤو لەکۆتو بەندەکان ئازادی دەکەین، یەکسەر دەستدەداتە چەک بۆ کوشتنی ئەو کەسانەی کە ئازادیان کردووە، ئایا لەمجۆرە شێتییە تێدەگەیت؟ مرۆڤ هەوڵی گەشتن بەئازادی دەدات، بۆئەوەی رێگە لەئازادی ئەوانیدیکە بگرێت، هەوڵی گەشتن بەیەکسانی دەدات، بەڵام بەئامانجی پڕکردنەوەی زیندانەکان، پاش ئەوەی گەورەکەی دەمرێت، دەست بەگریان دەکات، چونکە ناتوانێت خۆی خۆی کۆت بکات، بەڵام لەسەر قەسابخانەی یەکسانیی گەورەکەی دەکات بەقوربانیی".

بۆ چەند ساتێک بێدەنگبوو، دەستەکانی لەسەر ئەژنۆکانی دانابوو، لێوەکانی هێواش هێواش دەلەرزین، پاشان وتی: "نابێت ئەمە روووبدات، فەیلەسوف دەبێت تێبگاتو تەسلیمی تۆقینو بێزکردنەوە نەبێت، دەبێت بەهیوا بێت: تەنانەت ئەگەر هیوا هیچ بوونێکی نەبێت.. بەحیکمەتو ئەقڵ رووبەڕووی تۆقاندنو توندوتیژی ببێتەوە، مێژووی جیهان بریتی نییە لە دادگاییکردنی جیهان، چونکە ئەوە تەنیا ئەقڵە حوکم دەکات".

بەدوای قسەکانیدا وتم: "ئاە گەورەم.. باش گوێم لێتە، هەست دەکەم مێژوو خاوەنی ئەقڵی خۆیەتی، تەنانەت ئەگەر ئەو ئەقڵە نەبینراویش بێت! بەڵام بەهەموو هۆشیارییەکەوە ئایا مافی ئەوەمان هەیە بەهیوابین؟ یان بەمانایەکی دیکە، پێویستە بەهیوابین، یان ئایا دەشێت بەهیوابوون ئەرکێک بێت؟ ئایا دەشێت ئازادی خوازیاری کۆیلەکردن بێت؟ یاخود ماف خوازیاری هێز بێت؟ چاکە پێویستی بەخراپە هەبێت؟ ئاشتی پێویستی بەشەڕ بێت؟ ئەو فەیلەسوفە کێیە، کە دەتوانێت هەموو ئەمانە چارەسەر بکات، بەبێ ئەوەی ترسی ئەوەی هەبێت سۆفیێستایی بێت؟ لەڕاستیدا من دەترسم حەقیقەت کوێر بێت، ئێمەش تەنیا بووکەشووشەیەک بین بەدەستییەوە، لەکاتێکدا ئێمە پێمانوایە بۆ ئاسمان دەڕۆین، ئەو بەرەو جەهەننەم رامانبکێشێت، دەترسم میللەتێکی شەیتان بین، کە ئازادی فەزیلەتەکانی دەگەیەنێت، چیدی چارەنووسمان قابیلی چاککردنەوەو گۆڕانکاری نەبێ. ئێمە خراپەکاریی دەکەین، چونکە لەکۆتاییدا خۆشمان دەوێتو ئارەزووی دەکەین".

کانت سەری لای راستەوە بۆ لای چەپ جوڵاند، پاشان هەناسەیەکی قووڵیدا: "هەستو سۆزەکانت دوور دەتبەن، رادەکەیت، رادەکەیتو ئاسمان تۆمەتبار دەکەیت بەوەی بەرپرسیاری هەموو خراپەیەکە، لەگەڵ ئەوەشدا تۆ بەڵگەیەکی جوڵاوی ئامانجی سروشتیت، سەیری خۆت بکە سەیرکردنێکی روون، بیرێکی بێدار، گوتارێکی بەپەرۆشو هاندەر، ئایا تۆ هەمان وێنەی مرۆڤ نیت؟ ئەوەی کە عینایەتی ئیلاهی بەنەفرەت بکەیت، مانای ئەوەنییە کە دەتەوێت بەئەقڵ رووبەڕووی ببیتەوە؟ ئاە گەورەم.. وەک هەموو ئەوانەی ناتوانن ئارامبگرن، تۆش دەتەوێت بەبێ ئەوەی هیچ ماندوو بیتو هەوڵ بدەیت، ئازادی بەستبهێنیت، بەڵام ئازادی پێشکەشکراو یانی چی؟ هیچ. ئازادی کە وەک بەرهەمی پێگەیشتووی دارێک دەڕنرێت، واتلێدەکات لە زنجییەکی بێهیوا بچیت، کەبەدرێژایی رۆژ لەژێر دارگوێزێکدا رادەکشێت، دەستبەرداری هەور دەبێت کەدەڕواتو خۆشی باوێشک دەدات، ئازادی داوا دەکات! ئازادی بەئەندازەی ئەو ئاستەنگانەیە، کەدەبێت تێبپەڕێنرێن.

ئەمە ئەو شتەیە کە سروشت دەرکی پێکرد، کاتێک فێری زانست بووین، وەک ئەوەی بەری دارێکمان خواردبێت، حەوا لەبەهەشت دەریکردین.. سەرەڕای هەموو ئەمانە، خەیاڵ بکە خاوەنی مەعریفەی تەواویتو خوداو ئەبەدییەت لەبەردەمتدا لەوێنە دوورەکەیاندا خۆیان دەنوێنن، وابهێنە

بەرچاوی خۆت سەرەتاو کۆتایی جیهان دەزانیت، چی دەمێنێتەوە بیکەیت؟ هیچ، ئەرکت چی دەبێت؟ نازانم. بۆچی دەتەوێت زیاتر بژیت؟ ئەمە شتێکە، من نایزانم. با ڕێکبکەوین: ئەگەر ئێمە زانیمان جیهان چییە تارادەی ئەوەی زانینیەنەکەمان دەبێتە خودی جیهان، ئەوکاتەش شتێک نییە تا بیکەین، لەم حاڵەتەدا وەک هەنگو سەگلاوی (سەگی ئاوی) مان لێدێت، بەدرێژایی چەندین سەدە سەرقاڵی هەمان جووڵە دەبین، بڕوام پێبکە دەبێت مرۆڤ هەر بەکوێریی بمێنێتەوە، هەروا نهێنی بێت بۆ مرۆڤ، چونکە ڕۆحزلییەکەی شتێکی پێویستە بۆ ئەسڵەکەی، لەکۆتاییدا پێویستە هەزارجار بکەوێتە هەڵەوە، بۆئەوەی هەڵەکانی بدۆزێتەوە. دەبێت هەزاران جار خراپەکاریی بکات، بۆئەوەی بەهای چاکە بزانێت".

بەدوایدا وتم:"تێزەکانت دەمتۆقێنن، جۆرێک لەبەرگریکردن لەبەدبەختیو نەگبەتییان تێدا دەبینم، بەڵام گەورەم خۆویستی، وانابینیت کە.." کانت قسەکەی پێبڕییم: کێ لەبارەی خۆشەویستییەوە قسەت بۆ دەکات؟ لێرەدا خۆشەویستی یانی چی؟ ئێمە لە (ئەرکادیا) نین، تۆش بە جلەکانی (ڤێرجیل) ی شوانەوە بە ئاوازی شمشاڵەکەت مەڕەکانت ناپارێزیت، واز لەمەبێنە بۆ ئەو شاعیرانەی کە کاتیان هەیە بۆ خەون بینین.

بەو پێیەی کە تۆ ئەم بابەتەت وروژاند، ئەوا پێت دەڵێم کە خۆشەویستی جەنگێکە، لەجەنگی ڕاستەقینە کەمتر خوێناوی نییە، لەو کەمتر وێرانکەرترو مەترسیدارتر نییە، خۆشەویستی هێرش دەکاتە سەر ژیانی مرۆڤ، لێرەدا مرۆڤ لەحاڵەتی نامرۆڤییەکی تەڵخو لەدۆخی ئاژەڵئاساییەکی وەحشەتناکدایە، کە واملێدەکات بلەرزم، بەتایبەتی کە دەبینم ئافرەت بابەتی گرەوە، لەلایەکەوە پیاو ئارەزووی خۆی بۆ دەردەبڕێت، چاودێرییدەکات، لێینزیکدەبێتەوە، چاوی تێدەبڕێتو بەپەلاماردانێک دەیدا بەزەویدا، لەلایەکیترەوە گۆرانی بەجوانییەکەیو بەژنرێکییو پاکییەکەیدا هەڵدەڵێت! ئایا لەم گوتارەدا خواردنی گۆشتی ئەم مرۆڤە دوو ڕەگە پشت بە ڕووپاماییو دووڕوویی خواستی مرۆیی نابەستێت؟ پشت بەململانێی نێوان ئایدیالییو غەریزە نابەستێت؟

پێتوایە دەشێت ئافرەت نێچیرێکی لەرادەبەدەر ناسک بێت، بۆ ئەوەی قوتبدرێت؟ لەراستیدا من هیچ خۆشەویستییەک لەمەدا نادۆزمەوە، بەڵکو ئارەزوویەکی سێکسیی تیادا دەبینمەوە، کە راستەوخۆ خاوەنەکەی دەباتەوە بەردەم ئامانجە گەورەکەی سروشت، کە بەسیرەتی مرۆڤ کوێر دەکاتو وایلێدێت، نەتوانێت ئەو ئامانجە ببینێت، کە دەبێت پێیبگات. وەهەم بزوێنەری سەرەکی ژیانە، وا لەخەڵک دەکات، لارەڕێ بڕۆنو چاویان لەسەر بەختەوەرییە دڵتەنگەکەیان بێت.

بەسەرساماییەوە لێمپرسی. ئەگەر بڕوات بە بەختەوەری نەبێت، چی؟

بەدەنگێکی گاڵتەکەر وەڵامی دایەوە: "بەختەوەری ئەقڵی گێلەکانە.. ئەخلاقێکی داڕووخاوە. جوامێرییەکی داکەوتووە بەرەو خواری خوارەوە، ئایا ڕۆژێک لەرۆژان دەوڵەتێکی بەختەوەر، ئاشتییەکی بەختەوەرو هاوسەرێتییەکی بەختەوەرمان بینیووە؟ ئایا دەتوانیت شتێکی بێمانای وەک زەرووڕەتی ئەوەی دڵخۆش بیت، قبووڵ بکەیت؟ یان لەوەش خراپتر، مافی بەختەوەربوون پەسەند بکەیت؟

ئەو (یاسادانەر) ە کێیە، کە تا ئەندازەی هەڵکۆڵینی (بەختەوەربە) لەسەر مێزە مەرمەرەکان گەمژەو شێتە؟ تەنیا ژنان باوەڕیان بە بەختەوەریی هەیە، هەتا بتوانن سەرزەنشتمان بکەن، کە ناتوانین هیچ شتێکیان پێببەخشین، بەڵام من پێموایە نەگبەتی جوامێریی ڕاستەقینەی مرۆڤە، چونکە وا لەمرۆڤ دەکات بەهێزبێت، توانای بەرگەگرتنو بەرگریکردنی هەبێت، شایەنی فەزیلەتو ویقار بێت، من دارستانە ڕەشەکانی ئەڵمانیام لەکێڵگە گیاسەوزەکانی نۆرماندی پێباشترە، چونکە لەو دارستانانەدا چەندین داری بەتەمەن هەنو توانای بەرگریکردنیان هەیە".

پێموت: "گەورەم.. حیکمەت دڵتەنگە، من دوورم

لەحیکمەتەوە، رەنگە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە من هێشتا گەنجم، بەڵام هەڵەیە گەر بڕوا بهێنم بەو بەختەوەرییەی کە بەرهەمی خۆشەویستیو چێژی هەستەکانە، بڕوا بهێنم بەجوانی بەیانیان، بەهەناسەکانی ئەو ئافرەتەی کە خۆشمدەوێت، بەزەردەخەنەی سەرلێوەکانی. پێەویی تۆ دڵم دەبڕێت، نازانم دەبێت چی بکەم؟"

کانت وەڵامی دامەوە: "گەنجی ئازیز.. دڵتەنگیی لەکاتی خۆییو بەهە نگاوی حساب بۆکراوەوە دێت. تەنیا شتێک کە دەشێت مرۆڤ شانازیی پێوەبکات، ئەوەیە کە بەردەوام بێت لەبووندا، ئەوەی کە مرۆڤ ژیانی خۆی بپارێزێت، ئەرکە، بگرە پیرۆزترین ئەرکە، دەبێت بژین، چونکە ناچارین کە بژین. رۆژێک دێت، کە هەستو سۆزەکانت لەناودەچن، لێوی هاوسەرەکەت ناشرینو قێزەون دەبێت، سپێدان دڵت دەبەستێت، لەبەرئەوە ناچاریت لەبەردەم تێکشکانو لاوازی عەزیمەتو داهێزرانی مرۆڤدا بەرگە بگریت، پێویستە لەسەرت لەئەقڵ بپارێیتەوە، بۆ ئەوەی دەستبەرداریت نەبێت، چونکە کاتێک ئەقڵ پاشەکشە دەکات، ئەوا رووی گرژو مۆنی ئاژاوە لەبەردەماندا دەبینینەوە، ئەو کاتەش خواستی ژیانمان تیادا نامێنێت، لەهەریەکە لە ئێمەدا بۆشایی هەیە، وەسواسی نەخۆشی راوەدوومان دەنێت، ئێمە خراپترین دوژمنی خۆمانین. خراپ نییە گەر ئەمە بزانین. من پێموایە مرۆڤ نەخۆشە، بەڵام دەرمانی نەخۆشییەکەی لەناو خودی خۆیدایە. دەرمانەکەشی فەزیلەتە".

کانت بە ئازارەوە چاوی داخستو کشایە دواوە، پاشان بەردەوامبوو لەقسەکردن: "لەڕاستیدا دەبێت توند دەست بەژیانمانەوە بگرین، نەوەک لەدەستمان هەڵبێت، ئاگامان لەدڵمان بێت، تائەو کاتەی لەلێدان دەوەستێت. چاوپۆشی رۆحمان بکەین، بۆ ئەوەی لە بۆشاییدا نەپوکێتەوە، هەموو ژیانم تێکۆشان بووە دژی مەرگ، دژی شێوەکانی مەرگ، ئێمە ژیانێک گەمارۆی داوینو راوەدوومان دەنێت، کە هەموو ساتێک ماندوومان دەکاتو دەمانکوژێت، پێویستە مرۆڤ خۆی خالقی خۆی بێت، خۆی باوکو هەرخۆشی کوڕی خۆی بێت، ژیانو ئاواتی بێت، جوامێریی مرۆڤ لەژیانی دونیادا ئەوەیە مرۆڤایەتی خۆی بەدەستبهێنێت، تەماشامبکە.. تەمەن ماندووی کردم، مەرگیش چاوەڕێی سەرکەوتنی خۆیەتی، بەڵام لەزەردەپەڕی ژیانمدا بۆ دواین جار ئاوڕ لەرابردووم دەدەمەوەو رێگەکەم دەبینم، جیهانم بزواند، رێبەریی حزبەکەم کردو لەپشت تارماییو تاریکییەوە لەپێناوی رۆشنگەریدا تێکۆشام، گۆرانیم بە باڵای مرۆڤو مەزنی ئەقڵدا وت، بە باڵای جوانییو رێزی دڵدا هەڵمگوت.

ویستم ئەو کەسەبم، کە دەمەوێت، فەلسەفە لەدایکبوونمو مردنیشمە، لەهیچ شتێک پەشیمان نیم، تەنیا لەیەک شت نەبێت، تۆش لەم پایزە جوانەدا کە سروشتی داپۆشیووە، ئەو شتەم بیر دەخەیتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ناتوانم سەرلەنوێ لەجیهانێکی دیکەدا بۆ تامکردنی شیرینی ژیان لەدایکببمەوە، ئەی کوڕی گەنج... دەتوانیت بەجیهان بڵێیت کانت بەدڵتەنگی مرد، بەڵام عاشقی ژیان بوو".

رووخسەتی رۆشتنم خواست، فرمێسکەکانم چۆڕاوگەیان بەستبوو، بێئەوەی بتوانم بیانوەستێنم، قەلەڕەشێک بەئاسمانەوە بوو، پاشان کەوتە خوارەوە، وەک ئەوەی هۆمیرۆس دەڵێت، دەنگی تفەنگی ڕاوچییەکە بەسەر سەریەوە زریگایەوە.

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی/ حسونە المصباحی
http://www.alarabonline.org